# عێراقیەکان لە چاوەڕوانی سیاسەتدا.. سیاسەتێك پڕ لەتۆڵەی مێژوو



هەردی مەهدی میکە
Hardi_mahdi@yahoo.com

سەرنجێ بدەنە روانینەکانی خەڵك و بزانن چۆن دەڕواننە پرۆسەی سیاسی و سیاسەتوانەکانیان لە مەملەکەتی خوێن و هەڵپەی کوتلەکان "بەغدای پایتەخت"، عێراقیەکان زۆرێکیان نەك هەموویان بە ئومێدەوە پەتی هیواکانیان هەڵواسیوە بە تەنافی سیاسیەکانیاندا ، هەریەکە و بە جۆرێك ،هەرکەسە و بۆ کوتلەیەك..

تا ئێرە ئاساییە کە هەرتاکێك ئومێدی بە پرۆسەی سیاسی وڵاتەکەی هەبێت بۆ دەربازکردنی لە قەیرانێك یان کردنەوەی دەروازەیەك لە بەدیهاتنی ئومێدەکانی، بەڵام ئەوەی کە سەیرە وڵات رۆژ دوای رۆژ ململانێ گەشەی تیا ئەکات، ململانێیەك نەك پرۆسەی سیاسی و خەمەکانی گەلانی عێراق بەرهەمی هێنابێت، بەڵکو بە ئاشکرا تۆڵەکردنەوەی مێژوو دیارە ، کوتلەکان ستەمەکانی رژێمەکانی پێشوو لە چاوی کوتلە بەرامبەرەکانی ئەمڕۆیاندا دەبینن ، بۆیە بەردەوام لە زۆرترین پەلەقاژەی هەڵپە و تەماحی ناکۆتادان بە جۆرێك کە هەندێ کوتلەی سیاسی عێراق جگە لە هەموو وەزارەتەکانی عێراق ، چەند وەزارەتێکی دەوڵەتێکی دراوسێشی بدەنێ رەنگە هەر خۆی بە زوڵم لێکراو لەقەڵەم بدات..

کارەساتی گەورەش لەوەدایە لە پێکهاتنی یەك لەدوایەکی عێراقیەکاندا لەم چەندساڵەی دوای رژێمی لەناوچوو، هەمیشە لەناوخودی پێکهاتن و تەوافوقەکاندا درزی گەورە و شەرعیەتپێدەری تیرۆر و ناسەقامی دەدرێتە گورزوەشێنەکانی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق ... ئیدی رەنگە گورز وەشێنەکان لە زەرقاویەوە دەست پێبکات و بە چەندین پەرلەمانتاری ناو ئەنجومەنی نوێنەرانیش کۆتایی نەیەت.

"سیاسەتی تۆڵە کردنەوەی مێژوو" لەوەدایە کە شیعە دەیەوێ ستەمی هەشتا ساڵەی عێراقی نوێ یان سەرجەم خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی لە سوننەکانی ئەمڕۆی عێراق بکاتەوە، هاوکات سیاسەتی تۆڵەی سوننەکان جگەلەوەی خۆیان بە میراتگری شارستانیەت و دەروازە دەزانن و شکۆی شارستانی تەنها لای خۆیان دەبینن، ئەمرۆ هەست بە لەکیسچوون و داکەوتن دەکەن بەجۆرێك بۆ هەموو دەرگایەك پەلدەکوتن و لێیدەدەن تا نەفەسێك بهێننەوە نێو سەروەریە لە کیسچووەکانیان، راشکاوانە ئەبێت ئەوەش بڵێین لای ئێمەی کوردیش هەمان سیاسەت بەدی ئەکرێ بەرامبەر

هەردوكيان، وە ئەمەش لەوەدا دەركەوتوە كە ويستراوە لە روى سياسى و ياساييەوە زياد لە پشكى خۆشمان بێت بەركەوێ خراپ نيە، ئەوەى تۆڵەيەك لەو چەوساندنەوە نامرۆڤانەيەى بەرامبەر كورد كراوە بسەنرێتەوە.

هەموو ئەم تۆڵە و هەڵپەكاريانە لە سياسەتدا زۆر ئاساييە و دەبێت هەشبێت بەڵام خەمى ئێمە لەوەدا نيە كە ئەم دياردانە ئەبينين ، لەوەدايە بێ ئەوەى بە خۆمان بزانين وا ئەمرۆش لە كيسئەچێت ، شينى رابردوو ، قينى رابردوو، ستەمى رابردوو ، خۆشى و ئوميد و ئامانجى ئەمرۆ و سبەينێى خستۆتە مەترسيەوە، بەجۆرێك بيركردنەوەى رابردوانەگەرى و خودى ململانێكان بونەتە ئامانج و عێراقيەكان ئەمرۆ هەر خەريكى روانينن بۆ جوڵەى ئەو داش و شەترەنجەى كە هەر دەگۆرێ و هيچيش لە دۆخى ئەم ناگۆرێت ، ئەم حاڵەتە رەشبينيە كە لاى ئێمە پەيدابووە لەوە هاتوە ولاتێك لە دواى بەكەلاوەبوونى لە ستەمكارێك سەنراوەتەوە ، بەڵام ئەمرۆ قوربانيەكان نايەڵن نەفەسەكانى ستەم لە بيرچێتەوە و بچينەوە ناو كايەئاساييەكانەوە كە ژيان خۆيەتى و هيچى تر.. ئەمرۆ "ململانێ و پەلامار و پچڕان" نەك تەنيا لە دڵى سياسى و پەرلەمانتارە پارە وەرگرەكان بەڵكو لە دڵى كەنەفتەكانى ناوجێگەشدا بوەتە خوليا و وا هەست دەكات عێراق بريتيە لە كۆكردنەوە و پەلامار و پچڕاندن..

وا زياتر لە سێ ساڵە حكومەت لە دواى حكومەت خەڵكى ولات بێ ئوميدتر و تيرۆر  بە ئوميد ، فەرمانبەر دەتەپێ و بازرگانى بە خوێنى مرۆڤيش پەرەسەندوتر.. ئاخر چ حكومەتێك ئوميدى تيا بخوێنينەوە كە پاش 6 مانگ بە شەرعيەتێكى بێ هێزەوە و بەسەر چوونى كاتێكى نەك زۆر بگرە بێتاقەتكەر و رەشبينكەر پێكدێت.. پێكهاتنێك لەسەر بنەماى رەگەزى و تايەفى و پاشقولدان لەويدى.. بە جۆرێك ئوميدى عێراقى ئاينده بەجۆرێك بوو لاى خەڵك كە جياوازيە نەتەوەيى و حزبى و كوتلەبازيەكان و مەزهەبيەكان بسڕدرێنەوە.. بەڵام ئەوە خەونێكە و هيچى دى چونكە بيرمان نەچێت هەر لە عێراق صەدام بەعس بەرهەمهات و ئەمرۆ نەوەكانى ئەو زەمەنە هەر بەرهەمى دێننەوە.. لەبەرئەوە با شەوشادكەين لە تيرۆريستان لەسايەى سياسيەكانمانەوە عێراق تەنيا عێراقى ئەوانە، پرۆسەى سياسى لە عێراق هەمو هەلێكيان دەداتێ تا كارى خۆيان خاليسەن بۆ خوا ئەنجام بدەن.

راستيەكەى خەمى ئێمە هيچ خەمى ئەوە نيە عێراق ئەپارێزرێ يان ناپارێزرێ، لەت ئەبێت يان نا، تەنيا ئەوەندەيە دەمانەوێ وەك مرۆڤێكى ئاسايى رێگە بەن بيركەينەوە، نەك لەياريەبێتامەكانى سياسەتدا بيركەينەوە تەنيا بۆ سەيركردن.. ئەمانەوێ ئاسايى و سەقامگيرى و ژيانێكى سادە "بيرلێكراوە" بێت تا وەك مرۆڤێك گوزەرێك بكات بەنێو ژياندا، ئەمەش دواى ئەوەى لە پاش شەڕو كەلاوەكان و بەناو تەپوتۆزەكانى مێژووى لێڵى خۆيدا هاتوە و ماندوبووە، ئاخر ئيدى بێزاربووين لە خەمى مەزهەب و تايفە و نەتەوە و ئەفسانەئايدۆلۆژيەكان.